# زانین و واتا و بوون

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- ڕاستە جۆن لوک داهێنەری ڕاستەقینەی تیۆری زانینە کە لەو خاڵەدا خەست بووەتەوە: چۆن ئەو شتانەمان زانیوە کە ئێستا دەیانزانین؟ بەڵام ئەوەی گۆڕانی سەرتاپاگیری لەو لقە سەرەکییەی فەلسەفەدا کردووە، ڕابەری فەلسەفەی ترانسێندتالی ئەڵمان ئیمانۆئیل کانت بووە. لە دووبەرەدا ئەو فەیلەسووفە داهێنەرە، چوستوچالاک بووە:

**بەرەی یەکەم:** دوای دیکارت هاوکێشەی توێژینەوەی بابەتە سەرەکییەکانی فەلسەفەی گۆڕیوە. بابەتی پرۆسەی زانینی هێناوەتە پێشەوە و کردوویەتی بە کەرەستەی توێژینەوە، ئەوەش لەوەدا ئەو گۆڕانە بەرجەستە بووە کە پێش گشت شتێک پێویستە ئامرازی شت زانین، ژیر، تاووتوو و ڕەخنە بکرێت بەر لەوەی بەکاربهێنرێ و زانین لێی بکۆڵێتەوە:

سنوور و بایەخ و پێوەرەکانی زانین چین و کامانەن، سروشتی ئەو شتەی دەیزانین چۆنە؟ جێگەی دڵنیایی لێکردنە، یان گومان هەڵگرە؟ لەمەوە گەیشتووەتە هاوکێشە دوو ڕەنگییەکەی کە بووە بە کێشەیەکی مێشک و هۆش پڕووکێن:

- دیاردە و شت لە خۆیدا. یەکەمیان دەتوانرێ پەی پێ ببرێ و دووەمیان بەنەزانراوی دەمێنێتەوە، چونکە توانایی ژیری مرۆڤ سنووردارە. پشت ئەستوورە بە توێژینەوەی ئەو هەلومەرجانەی

دەبنــە مایــەی شــت زانیــن، ناکــرێ لــەو ئەنجامــە بــەولاوە شــتێکی تــر بکەوێتــەوە.

– بڕیــاری کێشــە لەســەر و سەریەشــە بــوون و ئامێــزی بوونــی دەســتەواژەی: بڕیــاری (حوکمــی) لێکــدراوی پێشــیانە! ئــەو هەڵوێســتەی کانــت ئــەوەی لــێ کەوتووەتــەوە کــە وردبوونــەوە لــە دەوروبــەر و تاووتووکردنــی جیهانــی دەرەکــی دوای بابەتــی تیــۆری زانیــن دێــت!

ئەو بۆچوونەی کانت کە بەڵگەڕۆنان لە چوارچێوەی فەلســەفەکەیدا پشتڕاســتی کردووەتــەوە، لەگــەڵ ئــەو دۆخ و ڕەوشــە هاتووەتــەوە– گەشــەکردنی زانســتی– کە ئــەو ســەردەمە کانت تێیدا چالاک بووە.

– ئەگەرچــی پێشخســتنی پرۆســەی زانیــن و ڕەخنەکردنی ژیــر و کردنی پرۆســەی تاووتووکردن و زانینــی هەڵکەوتــی لــە ئارادابــووی دەوروبــەر لــە خۆیــدا هەنگاوێکــی گرینگــە، کانــت هەڵیگرتــووە، چــۆن دەکــرێ مــرۆڤ هەوڵــی زانینــی سروشــت و دوروبــەر بــدات، ئەگــەر لــە ئامــرازی توێژینــەوەی ئامرازەکانــی زانیــن و پرۆســەی زانیــن خــۆی دڵنیــا و خاترجــەم نەبــێ؟ بــەڵام ئــەو چالاکییــەی پرۆســەی زانیــن ڕێگــە خۆشــکەری زانینــی جیهانــی دەوروبــەرە.

– پرۆســەی زانیــن لــە خۆیــدا، شــت زانیــن و پــەی بــردن بــە بوونــی بابەتییانــەی جیهــان ســێ ڕەهەنــدی هەیــە و کێشــەکە پتــر ئاڵــۆز دەکات:

**یەک:** خودێک کە شت دەزانێ.

**دوو:** بابەتێک کە دەزانرێ و پەی پێ دەبردرێ.

**سێ:** پرۆسە و چالاکی شت زانین.

– هــەردوو هەڵوێســتی توانایــی زانیــن و نەزانینــی جیهانــی دەوروبــەر، دوو گریمانــەن هیچیــان لــەوی تریــان بەهێزتــر نیــن! ئــەو ئامرازانــەی بیرمەنــد (فەیلەســووف) پشــتیان پــێ دەبەســتێ و دەیگەیەننــە ئــەو ئەنجامــەی کــە جیهانــی دەوروبــەر بوونــی بابەتییانــەی ســەربەخۆی هەیــە و خــودی توێــژەر و شــتزان هەبــێ و نەبــێ، لــە بوونــی دڵنیایــی لێکــراوی ڕاســتەقینەی جیهــان کاڵ ناکاتــەوە! هــەر ئــەو ئامرازانــە خۆیــان لــە ڕەوش و دۆخێکــی تــردا ئــەو بوونــە ســەربەخۆیە نــا دەکــەن و دەیخەنــە نێــو دوو کەوانــەی گومانــەوە!

– ئەو پرسیارەی لێرەدا سەر ئاو دەکەوێ:

ئەگــەر مــرۆڤ قســە لەبوونــی دەکات، باســی چــی دەکات؟

ئایــا بــوون لــە خۆیــدا گەوهەرێکــی ڕاســتەقینەیە، یــان دیاردەیــە؟! ئــەو سروشــت و خەســڵەتانە کامانــەن کــە چەمکــی بــوون بــە بابەتێــک ڕەوا دەبینــن؟

وەڵامــی ئــەو پرســیارە سەرســوڕهێنەرانەی کێشــە لەســەر بەهــەر لایەکدا وەڵام بدرێنــەوە لــەو خانەیــە ناچنــە دەرەوە کــە لــە خۆیانــدا کێشــەی ڕووتــی فەلســەفەن و ســنووری وردبوونــەوە و توێژینــەوەی فەلســەفە نابەزێنــن، بۆیــە بــوون و نابوونەکــە جەوهــەری بــن، یــان دیــاردە بــە کێشــەکە تەنیــا لــە دەســتەواژەی زمانــی دەربڕینــی ناوەرۆکــی هزروبیــردا بەرجەســتە بــووە. پشــت ئەســتووریش بــە هــزر خــۆی، بــوون گەوهــەرە، ناکــرێ ببەخشــرێ، یــان لــە بابەتەکــە بســێنرێتەوە و لــێ زەوت بکــرێ، ئــەوەی هەیــە لــەوە بــەولاوە نییــە کــە لــە دەســتەواژەی زمانــی دەربڕینــدا جارێک بوونەکــە ئــارێ و جارێکــی تــر نــارێ دەکــرێ، ئــەو بڕیــارە دوو بەهایــە لــە بوونــی بوونەکــە کاڵ ناکاتــەوە! بــەڵام بابەتەکــە وەک کێشــەیەکی فەلســەفە بەهیــچ جۆرێــک گەرموگــوڕی خــۆی لەدەســت نــەداوە و لــە دەســت نــادات.

– دوور لــە بۆچوونــی دەروونزانــان و هەڵپــە هەڵپیــان و ئەنجامــە هەمەڕەنگییــە گشــتی و تایبەتییەکانــی زانســتەکان، ڕاســتییەک هەیــە، گەوهــەر و پوختــەی هــزری فەلســەفە ڕەنــگ دەڕێــژێ و چوارچێــوەی جیهاندیــدی فەلســەفە نابــەزێ و بەپاوانــی هەمیشــەیی

خۆی دەمێنێتەوە، هیچ لقێکی دیکەی کولتوور ئەو مافەی نییە گومان لەو ڕاستییەی گەوهەری فەلسەفە بکات، ئەویش ئەمەیە:

ئەوی مرۆڤ دەیزانێ و پەی پێ دەبات، نە جیهانی دەوروبەرە و نە سروشتە! بەڵکوو تەنیا هەر ناوەرۆکی هزر و بیرکردنەوەی خۆیەتی: بیروبۆچوون و داتا هاوردە وێناکراوەکانە کە خودی مرۆڤ خۆی داهێنەر و ڕەنگ ڕێژەکانیانە، خۆ ئەگەر قسە لە هەمەڕەنگیی و ڕێکوپێکی تابلۆ ئامێزی سروشتی دەوروبەر بکرێ، ئەمەش هەر داهێنانی بیر و ژیری خودی مرۆڤ خۆیەتی، ژیری مرۆڤ سروشتێکی ئەندازییاریانەی هەیە و ئەو نەزم و ڕێکوپێکی و بەدوایەکتری داهاتنی شمەکی داهێناوە و خستوویەتییە نێو هەڵکەوتی لەئارادابووی دەوروبەرەوە. سروشتی بیرکردنەوەی مرۆڤ خۆی بەوجۆرەیە لە ناوجەرگەی ئاژاوەوە نەزم و ڕێکوپێکی و لەنێو هەمەڕەنگییەوە یەک ڕەنگی دادەهێنێ! ژیر، بیر، هۆش هەمیشە وا بیردەکەنەوە و چالاکن کە دەبێ هەموو ڕووداوێک، گشت قەوماوێک هۆکارێکی هەبێ، بەڵام ئەو هۆکار و ئەنجامە، ئەو بنەمای بەناچاری بەڕێکوپێکی بەدوای یەکتریدا هاتنی دیاردەکان و قانوونی سروشتی تەنیا هەر لە مێشکی مرۆڤدا بوونیان هەیە و خۆی خستوونیەتە نێو جیهانی دەوروبەر کە لە هەندێ ڕێبازی فەلسەفەدا بەجیهانی (نامن، ئەوی دی) ناودەبرێت! جیهانی دەوروبەر لە مەکینەیەکی زەبەللاح بەولاوە زێتر نییە کە لە دوو ڕەگەز پێک هاتووە:

**یەک:** کەرەستە و ماددە.

**دوو:** جووڵانەوە.

ئەو بۆچوونە بڕیارە ئەوپەڕی دروستە کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ و دەڵێ: ماددە و بزووتنەوەم بۆ دەستەبەر ببێ، جیهانی دەوروبەر دابین دەبێ.

**بەرەی دووەم:**

دیاریکردنی هەڵوێست بووە بەرانبەر بەبوونی جیهانی دەوروبەر و ڕەبی عیسا و مووسا. لێرەوە باسی ئەو شۆڕشەی کردووە کە کانت بە بار گۆڕین و وەرچەرخاندنی کۆپەرنیکۆسی بەراوردی کردووە و لە فەلسەفەدا جێبەجێی کردووە. ئەگەر یەکەم جار سروشتی دەوروبەر بنەمای یەکەم و هۆکاری سەرەکی بووبێ، ئەمەی لێ زەوت کراوە و پشکی شێر بەر ژێر کەوتووە (کانت: ١٩٧٦ پ، ب١٧ بە ئەڵمانی).

ئەمەیە مەبەستی ئەو فەیلەسووفە کە گوتوویەتی: دوو شت سەرنجم ڕادەکێشن: ئاسمانی ڕازاوە بە ئەستێرە و بوونی بنەماکانی ئاکار لە ناخی دەروونمدا، هەروەها بیرۆکەکان بەبێ ناوەرۆک بۆش و پووچ و بەتاڵن، سەرنجدان و وردبوونەوەش بەبێ چەمکەکان کوێر و نابینان!

٢- بەمەبەستی توێژینەوەی ئەکادیمی، لە کۆڕ و کۆمەڵە فەلسەفەییەکاندا دابونەریتێک باوە بەوەی زانین لە بیر (هزر) جیا دەکرێتەوە، بەبێ ئەوەی لاریی لە پێوەندی دەستیاوی نێوانیاندا هەبێ. بە هیچ جۆرێک زانین بەبێ بیرکردنەوە لە ئارادا نابێ، بیرکردنەوەش هەمیشە خەسڵەتی ئامانجەکی هەیە کە لە دەرەوەی پرۆسەی بیرکردنەوەدایە، ئەوەیە مەبەستی ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی کە گوتوویەتی: بیر، بیرۆکە بەبێ ناوەرۆک نابێ، بەڵام ئەو ناوەرۆکە ئەگەر زانین نەبێ، شتێکی دیکە نییە، ئیتر بیرکردنەوە بەبێ ناوەرۆک نییە، خۆیشی لە ئۆرگانێکی ماددییەوە دەکەوێتەوە کە مێشکی پێ دەوترێ.

- بیرکردنەوە چالاکی پرۆسەیەکی نامادەیییە. ڕازونیاز و خواستی مرۆڤ لە دەفرێکدا دادەڕێژێ،

زمانیش ئەو ئامرازەیە کە ناوەڕۆکی پرۆسەی چالاکی بیر بەدەنگ و شێوازی پێشییانە بڕیار لەسەر درا و دەردەبڕێ. ئەو پرۆسەی بیرکردنەوەیە وەک هەموو بابەتەکانی گیانی مرۆڤ پابەندی چەند بنەمایەکە کە پشتیان پێ دەبەستێ، ئیتر ئەو بنەمایانە زگماک بن، یان نا، لە سنووری ئەم توێژینەوەیە دەچێتە دەرەوە.

- زانین لەخۆیدا بڕیاردانە! لەچوارچێوە گشتییەکەیدا خۆی لە پۆلێنکردن و پێناسەدا چڕ دەکاتەوە، بەڵام ئەو پرۆسەیە جێگیر نییە، بەڵکوو هەمیشە پرپیشکی گۆڕانی بەردەکەوێ و فراوان و بەپێزتر دەبێت، ئیتر هەر بەو پێیە، ئەو گۆڕانە بەپێی ئەو ئەزموونە دەبێت کە مرۆڤی شتزان پێیدا تێدەپەڕێت و بە سایەیەوە ئەو شارەزاییە لەلای کۆدەبێتەوە کە بەدەستی دەهێنێت، شتی نوێ دەزانێت و فێر دەبێت. لەبەرانبەر ئەو دۆخە (ڕەوشەدا) بیری مرۆڤ لەلای خۆیەوە بێ پسانەوە گەشە دەکات، پەرەدەستێنێ، چونکە تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە و ئەزموون و داتا و زانیاری نوێ بۆ دەستەبەر دەبن، ئەمەش ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە مرۆڤ بیروبۆچوون و باوەڕی بۆ ماوەی (پێشتری) خۆی بە جۆرێک شەنوکەو بکات، پێیاندا بچێتەوە کە لەگەڵ دەرکەوتە نوێیەکانی ژیان و کۆمەڵگە و دەوروبەر و کولتوور و دابونەریتدا بێنەوە.

- ئەگەر زانین لەسێ بەش پێکهاتبێ: ئەو کەسەی شتەکە دەزانێ، ئەو شتەی دەزانرێ، ئەوجا پرۆسەی شت زانینەکە، ئەوە بۆ مەبەستی توێژینەوەی ئەکادیمی دووجۆر زانین هەیە کە هەر یەکەیان خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە (لە وردەکارییەکاندا)، بەڵام لە چوارچێوە گشتییەکەدا یەکەیەکی یەک ڕەنگی تەواوکاری یەکترن:

**یەک:** زانینی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە.

**دوو:** زانینی زانستییانە.

یەکەمیان لە پرۆسەی چالاکییەکانیدا پشت بە هەست و ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە دەبەستێ. سێ پاوانیش دەبێت بە کەرەستەی تاووتووکردن:

**یەک:** پێوەندی مرۆڤی شتزان بەخۆیەوە، ئەوجا چی دەربارەی هەست و سۆز و بۆچوونییەکانییەوە دەزانێ؟

**دوو:** پێوەندی مرۆڤ کە شتەکە دەزانێ بە مرۆڤی دیکەوە کە ئەوانیش بوونیان هەیە و بەنامن، یان بە دەروونی نامۆ ناودەبرێن. ئەمەیە مەبەستی ڕێبازێکی فەلسەفەی سەدەی بیست کە قسەی لە خودی تایبەتی و خودی بیانی (نامن) کردووە.

**سێ:** پێوەندی مرۆڤ کە شتەکان دەزانێ، لەگەڵ جیهانی هەڵکەوتی دەوروبەر چۆنە و چۆن هەڵبسەنگێنرێ؟

٣- ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێت: ئایا زانین وەک پرۆسە و تیۆری دەتوانێ خۆی بە ئامرازی خۆی کە خۆی دایهێناوە، ئەنجام و دەرکەوتەکانی پرۆسەکەی ساغ و پشتڕاست بکاتەوە؟ تیۆری زانین وەک لقێکی سەربەخۆی فەلسەفە لەلایەن جۆن لۆک -ەوە دوا ڕوخسار و ناوەڕۆکی پێ بەخشراوە، بەڵام هەنگاو بەهەنگاو گۆڕانی سەرتاپاگیر بەسەر پرسیار و گریمانە و ناوەڕۆکیدا هێنراوە، ئەم گۆڕانە، دیاردەیەکی ئاسایی نەبووە، بەڵکوو ڕاستییەکە لە منداڵدانی ئەو ڕەوشەدا پەیدا بووە کە پێشکەوتنە شۆڕش ئامێزەکەی زانست و تەکنۆلۆجی دایان هێناوە، بەڵام ئەو گۆڕانە کە زانست کردوویەتی و پرپیشکی بەدامێنی تیۆری زانیندا هەڵپڕژاوە لەو ڕاستییەی کاڵ نەکردووەتەوە کە ئەو تیۆرییە

به هیچ جۆرێک کەسایەتی خۆی لەدەست نەداوە و دەستبەرداری دەڤەر و پاوانی ئەرک و چالاکییەکانی خۆی نەبووە، هەر بۆیە لە فەلسەفەدا:

**یەک:** جیهانبینی (تیۆری زانین).

**دوو:** وێنەی جیهانی (زانست).

چەمکی یەکەمیان پوختەی چالاکیی تیۆری زانین بەرجەستە دەکات و ئەنجامەکانی تۆمار و ڕەنگڕێژ دەکات.

وێناکردنی جیهان چالاکییەکی زانستییە دەچێتە نێو خانەی زانستە ئەزموونییەکان.

لە جیهانبینیدا ڕۆڵی ڕوون و ڕەوانی چالاکی فەلسەفە دەردەکەوێت کە لە هەردوو کۆششی (وردبوونەوە و سەرنجدان) و (شیکردنەوە) بەرجەستە دەبێ. ئەو چالاکییە لەو جێگەیەوە هەنگاو هەڵدەگرێ و دەست پێ دەکات کە زانست هیچی تر بڕ ناکات و چالاکییەکەی کۆتایی پێدێت!

– من وای بۆ دەچم ئەو پرسیارە، ئایا زانینێک هەیە کە خەسڵەت و سروشتی پێشیانەی هەبێ، یان؟ ئەو پرسیارە و وەڵامەکەی بەئاوبەنا لە بایەخێکی تەسک و بەرتەنگی ئەکادیمی بەولاوە سوودێکی دیکەی نییە، ئەوەی کێشەیە لەچوارچێوەی تیۆری زانیندا بوونی شمەکی دەوروبەر و ڕەهەندی پەی پێ بردن و زانینیانە.

ئەوەی بەلای ئێمەوە ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە ئەوەیە:

زانین بەبێ هیچ مەرجێک بە ئەزموون دەست پێ دەکات و دێتە ئاراوە، ئەگەر کاتیش لەبەرچاو بگیرێ، هیچ زانینێک پێش (ئەزموون و تاقیکردنەوە) نایەت، چونکە بە وان دەست پێ دەکات. خۆ ئەگەر شمەکی دەوروبەر بەرمەودای هەستەکان نەکەون، هیچ کاتێک بۆچوونەکان لەخۆیانەوە پەیدا نابن، بەڵام زانین بەگشت وردەکارییەکانەوە بەتەنیا هەر لە ئەزموونەوە ناکەوێتەوە، ئامرازی تێگەیشتن چالاکانە ڕۆڵی کارا لەبەراورد کردن و پەیوەست و جیاکردنەوەدا دەگێڕێ، ئەوجا ئەو هەستەکان هاورد، بەزانینی بابەتە هاوردەکان دەکات، ئەمەش لە خۆیدا ئەزموونە (کانت ١٩٧٦، ب١٠).

بەڵام ئایا دەکرێ مرۆڤ بەبێ ئەگەر و گومان، زانینی پێشیانەی هەبێ و دەوروبەر بەتەواوەتی بزانێ؟ ناکرێ وەڵامەکەی ئارێ بێ، چونکە نزیکترین بابەت لە مرۆڤەوە ناوەرۆکی هزر و بۆچوونەکانە کە ڕەنگدانەوەی شمەکی دەوروبەرن، ئیتر ئەو بۆچوونانە لەبارەی ئەو شتانەوە دەزانێ نەک شتەکە خۆیان لەخۆیاندا چۆنن.

٤ – واتا ئەگەرچی دەکرێ لەیەک کاتدا کەرەستەی توێژینەوەی ڕێزمانی زمان و فەلسەفە (لۆجیک، تیۆری زانین) بێت، بەڵام هەر یەکەیان بەجۆرێک توێژینەوەی لەسەر دەکات.

لەچوار چێوەی فەلسەفەی سەردەمدا، زمان بووەتە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوە، بەتایبەتی لەلای ڕابەرانی فەلسەفەی شیکاری و ئەو فەیلەسووفانەی ئاراستەیەکی لۆجیکی بیرکارییان هەبووە.

– بابەتی واتا لە فەلسەفەدا، لە زمان دانابڕێ، ئەمەش بەگشتی لەلایەن دوو هزرمەندی بەڕەچەڵەک (ئەڵمان)ی بیرکاری کە دواتر چوونەتە خانەی فەلسەفەوە، ورووژێنراوە، هۆسەڕل ڕابەری فەلسەفی فینۆمینۆلۆجی و فریگە داهێنەری ڕاستەقینەی لۆجیکی بیرکاری بوون.

بۆ تاووتووکردنی دیاردەی تەنگژە و گرفتی بیرکاری (لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەدواوە) هەردووکیان پەنایان بۆ تاووتووکردنی

پێکهاتەی زمان بردووە، بەڵام بە دوو ئاراستەی جیاوازدا هۆسەڕل بەلای سایکۆلۆجی (دەروونزانی) و هەردوو چەمکی ئەزموونی زیندووی ژیان، هۆش و هۆشیاری، (ڕێبازی) چەمکی ئامانجەکی بردووە.

بەپێچەوانەوە، فریگە سەرکەوتووانە کۆشاوە دەروونزانی لە فەلسەفە بەگشتی و لە لۆجیک بەتایبەتی دوور بخاتەوە و هەردووکیان بەلای زانستە ڕوخسارییەکان (بیرکاری)دا بەرێ. لێرەوە زمان و چەمکە سەرەکییەکانی (دوور لە ڕێزمانی زمان) بوون بە کەرەستەی توێژینەوە، بەتایبەتی: ڕستە، دەستەواژە، واتا و دەلالەت، ژمارە.

ڕستە دوورخراوەتەوە، چونکە خەسڵەتی لۆجیکی تێدا نییە، هەست و سۆز دەردەبڕن و ئەم ناوەڕۆکەش بەهیچ پێوەر و بنەمایەک ڕاستی و ناڕاستییەکەی ساغ و پشتڕاست ناکرێتەوە.

بەڵام دەتەواژە هەواڵێک، بابەتێک دەردەبڕێ کە دوو بەهایە، ڕاستە، یان چەوتە، ئەوجا واتا و دەلالەتەکەشی ڕوون و ئاشکرایە، دەلالەت لە زمانی لۆجیکیدا بەوە لێکدراوەتەوە کە ئاماژەیە بە بابەتێک لە دەرەوەی دەستەواژەدا لەهەر جێگەیەک ڕەنگی ڕەش بەدی بکرێ کە دەلالەتەکەی ئاماژەدانە بە خەمباری.

دەلالەت بەپێی کات و جێگا گۆڕانی بەسەردا دێ، بۆ نموونە ئەستێرە لە واتا و دەلالەتدا هەریەک شتە، بەڵام ئەگەر بگوترێ:

ئەستێرەی بەربەیان

ئەستێرەی ئێواران

ئاماژە بە دوو بابەتی لەیەکتری جیاواز دەکەن، ئەگەرچی دەلالەتەکە لەخۆیدا هەریەکە و دوو نییە. (فریگە: ١٩٨٦، ل٥١ بە ئەڵمانی)

٥- کەوابوو ناکرێ دەلالەت (ئاماژە پێدەری) زمان بە تەنیا بەهای ڕاستی و ڕاستەقینەی (هەقیقەت) بێت، وەک چۆن لە ڕستەی زمانی دەربڕیندا فرمان و تکا و هەست و سۆز بیرۆکە و بابەت نین، بەڵام هەردووک لا لەیەک ئاستدان، کەچی دەلالەت ئەوەیە کە دەبێتە مایەی ئەوەی بیرۆکە (بیر) زانینی لێ پەیدا ببێ، ئیتر بەهەردووکیان پێکەوە بەهای ڕاستەقینەیان لێ دەکەوێتەوە. لەو کایەیەدا بڕیاردان (حوکم) دەکرێ ببێ بە مایەی ئەوەی بیرۆکە لە خۆیدا بەهایەکی ڕاستی هەبێ.

دەلالەتی ناوێکی تاک دەکرێ ببێ بە بابەت، چونکە ئەوکاتە جۆرێک لە بۆچوون دەردەکەوێ، بەڵام ئەو بۆچوونە خەسڵەتی خودی (زاتی) هەیە کە مرۆڤ لە مێشکیدا ڕەنگی ڕشتووە و ڕۆی ناوە. لەو مابەینەدا واتا دەردەکەوێ کە وەک بۆچوون و وێناکردن سروشتی خودی نییە، بەڵام ناشبێ بە کەرەستە و شمەک و بابەت. بەهای ڕاستیی ئەوەیە جیاوازی لەنێوان ڕاستی و چەوتیدا دەکات. لە دەرەوەی زمان و فەلسەفەدا، چەمک و دەربڕینێکی زانستی لەچوارچێوەی دەلالەتێکی ڕێکوپێک و ورد داڕێژراودا دەردەکەوێ، بەتایبەتی ئەوکاتەی زانا (پسپۆڕی زانست) بۆ دەربڕینی بنەمای ناچاریی (پابەند بوون بە قانوون) پێویستی پێ دەبێ، ئەمەش لە پرۆسەی شیکردنەوەی زانستیدا پشتڕاست دەبێتەوە.

- لەو چەند دێڕەدا چەند جارێک وشەی ڕاستی و ڕاستەقینە بەواتای (هەقیقەت) بەکارهات، ئیتر ڕاستی لەخۆیدا و بەڕاست دانان (یان بەڕاست زانین) قسەیان لێ دەکرێ!

(هەقیقەت) ڕاستی لەخۆیدا وشەیەکە لەزماندا، وەک وشەی خەسڵەت (سیفەت) دەردەکەوێ ( کە لە ڕێزمانی کوردیدا بە ئاوەڵناو دانراوە). ڕاستی لە دەستەواژە، بیر، بۆچوون و بیرۆکەکاندا

دەردەکەوێ، بەڵام نە ناوی گەیەنەر و نە ئاماژە بە شتێکی دیکەی تێدایە! دەلالەت لەگەڵ واتا سروشتی ڕاستەقینەی دەستەواژە دیاری دەکەن.

- واتا لەلای خۆیەوە ئەگەرچی ئەو بیرۆکەیەیە کە لە دەستەواژەکەدا هاتووە دەربڕاوە، بەڵام بەشێوازی جۆراوجۆر پێناسە و شرۆڤە کراوە و لێکدراوەتەوە.

واتا، یان تایبەتییە بەوشە، ئەوکاتە بە سیمبۆلی ساکار ناو دەبرێ، یان تایبەتییە بە دەستەواژە کە پێی دەگوترێ سیمبۆلی لێکدراو، بەو پێیە واتا ئەو مەبەستەیە کە دەردەبڕدرێ، زمان بەبێ واتا بەخشین، بوون و بەهای نییە و نابێ! بۆیە لە کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمییەکان دەگوترێ، فەلسەفەی سەردەم (سەدەی بیست) لە چیرۆکی بیرۆکەی واتا بەو لاوە نییە، لەچوارچێوەی فەلسەفەی کۆڕی ڤیەننادا ئەو بۆچوونە باوە و باوبووە کە واتا ئەو پێوەرەیە ڕاستی و ناڕاستی دەستەواژە ساغ و پشتڕاست دەکاتەوە، ئەگەر بێتو بنیادی دەستەواژەکە لەبەرچاو بگیرێ. (مۆریتس شلیک: ١٩٨٦ ل١٦٨ بە ئەڵمانی).

ئیتر پەیبردن بەواتای دەستەواژەیەک و تێگەیشتنی پەیوەستە بەوەی تا چەند توانایی خۆ ساغکردنەوەی هەیە کە ئایا ڕاستە، یان ناڕاستە.

ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بەلۆجیکەوە هەیە، وەک پێناسەکردن کە لە خۆیدا جۆرە ڕوونکردنەوەیەکە، واتای دەستەواژە تێکڕای ئەو بنەمایانەی بەکارهێنانە کە دەستەواژە پشتیان پێدەبەستێ و لە خانەی بەرانبەر بە چەمکی لۆجیکدا پۆلێن دەکرێن، ئەمەیە مەبەستی هەندێک لە ڕابەرانی فەلسەفەی پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی کە گوتوویانە واتای دەستەواژە میتۆدەی پشتڕاست کردنەوەیەتی، ئەمەشیان بە ئەرکێکی گرنگی چالاکیی فەلسەفە داناوە. ساغکردنەوەی دەستەواژەیەک، ئایا واتا بەخشە، یان پووچ و بێ واتایە، پشت بەو ئەنجامە دەبەستێ کە لێوەی دەکەوێتەوە. تا وەکوو چ ڕادەیەک لە تواناییدا هەیە بوون و دەرکەوتەکانی هەڵکەوتی لە ئارادابووی دەوروبەر (نامن) دەربببڕێ. ئەگەر دەستەواژەی واتابەخش و هی بێ واتا (زڕە دەستەواژە) لە ئارادابن، ئەو پرسیارە دەردەکەوێ:

ئایا پرسیار لە خۆیدا واتای هەیە و کامەیە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە بەو جۆرە دەبێ:

ئەگەر لە توانستدا نەبێ پرسیارەکە وەڵام بدرێتەوە، ئەوە پرسیارەکە لەخۆیدا بێ واتایە! پرسیار خۆی ناکرێ بخزێتە خانەی دەستەواژەوە، چونکە هیچ شتێک ناگەیەنێ و ناداتە دەست، بەڵکوو پتر ئامرازی ورووژاندنە! بەڵام پرسیارەکە واتا بەخش دەبێ ئەگەر هاتو بزانرێ چ وەڵامێک چاوەڕێی وەڵام درانەوە دەکات! پرسیاری گومان هەڵنەگر ئەو پرسیارەیە کە مرۆڤ بەپێی توانست وەڵامی بداتەوە و لە واتاکەشی تێدەگەیشترێ کاتێک وەڵامەکە بێ سێ و دوو لێکردن بزانرێ چییە.

بەلای (ڤتگنشتاین)ـەوە ئەگەر دەستەواژەیەک ڕاست بێ، لە دوو لاوە دەکرێ لە واتاکەی بگەیشترێ:

**یەک:** دۆخی لە ئارادابوو بزانرێ.

**دوو:** ئەگەر مرۆڤ لە بەشە پێکهاتەکانی تێ بگات.

(ڤتگنشتاین: ١٩٦٠ پ ٤,٠٢٤ بە ئەڵمانی) ئەو قسەیەی ئەو فەیلەسووفە وا دەگەیەنێ کە واتای دەستەواژە وەک مەرجی ڕاستییەکەیەتی، یان لە گەڵیدا دێتەوە، کەوا بوو دەستەواژە بەبێ مەرجەکانی ڕاست بوونی، واتای نابێ! ئەو دەستەواژانەش کە بەپێوەری لۆجیکی،

ڕاستییەکەیان پشتڕاست ناکرێنەوە و دەخرێنە خانەی بێ واتاکان و بەزڕە دەستەواژە ناو دەبرێن.

ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ: ئایا دەستەواژەکانی لۆجیک بەواتابەخش دادەنرێن، یان بێ واتان؟ ئەو بنەمایانەی تا ئێستا قسەیان لێ کرا و واتابەخش و بێ واتایی دەستەواژە ساغ دەکەنەوە، دەستەواژەکانی لۆجیک ناگرنەوە، چونکە ئەو دەستەواژانە بەلای کەمەوە هەمانگۆیین و پێویستیان بە سەلمێنە هەیە، نەک بە ساغکردنەوە، چونکە بە هیچ بنەمایەکی ئەزموون و تاقیکردنەوە بەند نین، بۆیە ڕاستییەکەیان پێویستی و ناچارییەکی لۆجیکییە. ئەو دەستەواژانەی زانست کە خەسڵەتی ئەزموونیان هەیە، سروشتی ڕێتێچوون جیایان دەکاتەوە.

- ئەو پرسیارە:

ئەو مەرجانە چین و کامانەن کە دەبنە مایەی ئەوەی وشە، ڕستە، دەستەواژە واتایان هەبێ، لە سنووری ئەم نووسینە دەچنە دەرەوە، وەڵامەکەش هیچ ئاسانکارییەک بۆ ئەم بابەتە ناکات!

٦- بوون و نابوون هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی کولتوور و شارستانیەتەوە کێشەیەکی سەرەکی ژیان و هزر و ژیر بوون، دوور ناڕۆین کە بڵێین لە سەرەتای سەرهەڵدانی هزری فەلسەفییەوە ئەو بابەتە بووە کە بیر و خامەی فەیلەسووف و شایەر و دواتر پیاوانی ئایینی پێوەی خەریک بوون و وەک گرێکوێرە و مەتەڵێک کۆششی کردنەوە و هەڵهێنانیان کردووە. ئەو پرسیارەی کە چەندان جار کراوە و لێرەدا سەرئاو دەکەوێ:

- کە مرۆڤ دەڵێ بوون باسی چی دەکات؟ بەچی لە نابوون جیا دەکرێتەوە؟ ئایا بوون بە پێی زمانی فەلسەفەی کۆن گەوهەرە، یان دیاردە و ڕووکەش (عەرەزە)؟

ئەوەی تا ئێستا گوترا، دەچێتە خانەی تیۆری زانینەوە کە شان بەشانی لۆجیک لقێکی سەرەکی فەلسەفەی سەردەمە، ئەو پرسیارانەش کە کران دەرگەی بابەتی میتافیزیک و ئۆنتۆلۆجی دەخەنە سەر پشت! تیۆری زانین لە ئەنتۆلۆجی (بوونی گشتی) جیانابیتەوە، چونکە ئەو پرسیارەی دەربارەی زانینی گومان هەڵنەگری بوونی بوونەوەر دەکرێ، هەر ئەو پرسیارەی بەدوادا دێ و لێ دەکەوێتەوە کە دەربارەی بوونی ڕاستەقینە دەکرێ! ئیتر گومانیش لەوەدا نییە کە (بوون) ئەو کێشە سەرەکییە بووە کە هزرمەندانی حەپەساندووە و سەرسامی کردوون و ئەفلاتوون وتەنی بووەتە مایەی دەرکەوتنی فەلسەفە، کەوابوو فەلسەفە لە توێژینەوەی (بوون) بەولاوە نەبووە، چونکە بوون گشت شتێک دەگرێتەوە، ئیتر ئەو بوونە شتێکی ڕاستەقینەی دەوروبەر بێ، یان وێنەی لە مێشکی مرۆڤدا پەتی بۆ چوون بێت.

لە ڕوانگەی لۆجیکەوە بوون گەوهەرە و ڕووکەش نییە ئەمە بەدوو واتا لێک دەدرێتەوە.

**یەک:** ناکرێ ببەخشرێ و بدرێ بە شتێک، یان لێی بسێنریتەوە، ئەوەی لەبارەیەوە دەکرێ ئەوەیە کە دەکرێ تەنیا لە دەستەواژەی زمانی دەربڕیندا (نا) بکرێ: بۆ نموونە بوون — نا بوون. ئەو ناکردنە، بوونەکە لا نابات و زەوتی ناکات.

**دوو:** بارە، بەڵام ناکرێ باری هەبێ، ئیتر لە لۆجیکدا بنە و بار هەیە. سوکرات (بنەیە) مرۆڤ (بارە) لەسەر شانی سوکرات.

- لێرەدا قسەکەی گۆرگیاسی (٤٨٠ — ٣٧٥ پ.ز) سۆفستایی بەبیردا دێت کە گوتوویەتی:

**یەک:** هیچ شتێک بوونی نییە.

**دوو:** خۆ ئەگەر شتێک هەبێ، مرۆڤ ناتوانێ بیزانێ و پەی پێ بەرێ.

سێ: گریمان ئەگەر مرۆڤ زانیشی، ناتوانێ بەخەڵکی دیکەی بگەیەنێ. (تاورێک: ١٩٩٥ – ل٨٥ – ٨٦ بە ئەڵمانی).

ئەو قسەیەی ئەو بیرمەندە چەند خاڵێکی ورووژاندووە کە نەپەسندن و نە بە بنەمای لۆجیک و فەلسەفە پاساو دەدرێنەوە.

لە خاڵی یەکەمدا تەنیا هەر لە زماندا بە دەستەواژەیەک، بوون شت نا دەکات و گومانێک دەوروژێنێ کە گشت سنوورێک دەبەزێنێ و هیچی لێ شین نابێت.

لە خاڵی دووەمدا توانایی هەستەکان و ژیر و بیری مرۆڤ پەک دەخات! پەکخستنێک تەنیا هەر گریمانەیە و نەئەزموون و نە ژیر پشتگیری ناکەن. سەرەڕای ئەوەی ڕوونی نەکردووەتەوە مەبەستی لە چەمکی بوون و پەی پێ بردنی چییە؟ ئایا ئەو لەو باوەڕەدا بووە کە ئەزموونی بوون ناکرێ بە زمان دەرببڕدرێ؟ ئەو پرسیارە کاڵ دەبێتەوە ئەگەر وەڵام بدرێتەوە:

چۆن و بە پشتیوانی چ بنەمایەک گۆرگیاس توانیویەتی ئەو گریمانەیە بکات کە هیچ شتێک بوونی نییە؟ ژیر، هەستەکان، ئەزموون؟ ئەم سێ ئامرازە پشتگیری گریمانەکەی ئەو هزرمەندە ناکەن! ئەگەر بوونی شت بزانرێ، ناکرێ بەکەسانی دیکە بگەیەنرێ، ئەم قسەیە خۆی خۆی ڕەت دەکاتەوە، ئەوە نییە گۆرگیاس (نابوون و نەتوانایی زانین و دەربڕین) بە زمان دەردەبڕێ؟ کەواتە هەر بەو بنەمایەی ئەو بیرمەندە پشتی پێ بەستووە، دەتوانرێ بگوترێ: بوون هەیە، دەتوانرێ بشزانرێ و بەزمانیش کە زمانی دەربڕینەکەی گۆرگیاسە، بە کەسانی تر بگەیەنرێ.

گۆرگیاس پرۆسەی (زانین و بوون و گومان)ی لە سێ چەمکدا چڕ کردووەتەوە و نەک هەر هەڵی پەساردوون، بەڵکوو خستوونیەتە نێو دوو کەوانەی گومانی ڕەهاوە، گومانێک کە ژیر و بیر و فەلسەفە و زانست ئیفلیج دەکات!

٧- گومان وەک ئامراز و میتۆدە بۆ گەیشتنە ڕاستی و ڕاستەقینە لە خۆیدا و بۆ خۆی ڕەوایە، ئیتر ئەو گومانە لە بوونی گشتی بێ (جیهانی دەوروبەر – نامن)، یان لە بابەتی دی بێ کە دەچنە خانەی سەرخانی کۆمەڵگە هەر لە دابونەریت و ئایدیۆلۆجی و توانایی هەست و ژیر و باوەڕ و بڕوای ئایینی، ئیتر ئەو بوونە هێزەکی بێ، یان کردەکی.

- بوون لە ڕوانگەی فەلسەفەوە، پشت ئەستوور بە ئامرازی تاوتوو و شیکردنەوە مەبەست لە خودی مرۆڤ خۆیەتی، یان ئاماژەیە بە بوونی دەرەوەی من (نامن) کە مەبەست لە جیهانی دەوروبەرە و سەربەخۆیە بەبوونەکەی لە بوونی من و پەکی لەسەر ئەم بوونە نەکەوتووە کە بڕیاری لەسەر دەدری، بەڵام چۆنیەتی زانین و پەی پێ بردنەکەی شتێکە و دەچێتە خانەی تیۆری زانینەوە. هەر بە مەبەستی توێژینەوە، بە تایبەتی لە پاوانی تیۆری زانین و میتافیزیک، هەموو بوونەوەرێک، بوونەکەی بەماددەی مردووشەوە، لە وێنە و ماددە کە (سەرە، هەوێن) پێکهاتووە. کامیان لە پێشەوە دێن، گەوهەری ئەو بوونە ماددەیە، یان بۆچوونە لە مێشکدا. شت بەو پێیەی لە ماددە و وێنە پێکهاتووە، ئەگەر ماددەکە لەپێش وێنەکەوە بوو، شتەکە بوونەوەرێکی دیار و دەستنیشانکراو دەبێ، بەڵام کە وێنەکە لە پێش ماددەکەوە بوو، شمەکەکە دەبێتە بابەتی زانین (د. جمال محمد احمد سليمان ٢٠٠٩ ل ٢٠٩).

ئەرستۆ لە جیهاندیدەکەیدا کە قسەی لە گۆڕان کردبوو، گوتبووی گۆڕان ئەوەیە ماددەکە

وێنە کۆنەکە لەدەست دەدات و وێنەیەکی نوێ بەدەست دەهێنێ، وەک تەختە کە کورسی لێ دروست دەکرێ.

– بوون و نابوون بەگشت پشک و ڕەهەندەکانییەوە کە کەرەستەی توێژینەوەی فەلسەفەیە، پێوەندی نێوان ڕاستی (هەقیقەت) و بوون و بیر و کامیان پشکی شێری بەردەکەوێ، دەرگەی یەکلایی کردنەوەی ئەنتۆلۆجی دەخاتە سەر پشت. بوون و بیر (زانین) توندوتۆڵ بەیەکەوە بەندن، چونکە ئەگەر بوون (شتومەکی دەوروبەر) بوونی نەبێ، زانینیش نابێ، ئیتر مرۆڤ لەو ڕەوشەدا دەتوانێ چی بزانێ. ڕاستە مرۆڤ هەمیشە پرسیار دەورووژێنێ، بەڵام هەر خۆیشی وەڵامەکە دەداتەوە.

– ئەنتۆلۆجی (تیۆری گشتی بوون و بوونەوەر) لقێکی گرنگی فەلسەفەی کلاسیکی بووە، لەم سەردەمەدا خەریکە گرینگی خۆی لەدەست دەدات، چونکە چەند ئاراستەیەکی فەلسەفەی نوێ و سەردەم لەو باوەڕەدان کە ئەو بابەتە لەسەردەمی شۆڕشی تەکنۆلۆجیادا باوی نەماوە و ئەو چەمک و کێشە و پرسیارانەی هەوڵی یەکلایی کردنەوەیان دەدات، ڕەوایەتی خۆیان لەدەست داوە!

– لەو کایەیەدا قسە لە بوون و بوونەوەر، نابوون و هیچ (عەدەم) دەکرێ، سەرەڕای چەند چەمکێکی سەرەکی لەسەردەمی ئەرستۆوە چوونەتە نێو خانەی فەلسەفەوە بەگشتی:

بوون چاووگە، بوونەوەر ناوە، ئەمە لە ڕوانگەی ڕێزمانەوە، لە فەلسەفەدا بوون پەتی کردنە لە بوونەوەرەوە، گەوهەرە و ڕووکەش نییە. گەوهەر، خەسڵەت (ڕووکەش) و پێوەندی و ڕەوش. گەوهەر بە گرنگترین چەمک (کاتیگۆری – بیگریف) دادەنرێ، چونکە سروشتی بنەڕەتی شمەک دەردەبڕێ و ناکرێ و نابێ خۆی ببێ بە بنەی بابەتێک، دەبێ بەباری چەمکەکانی دیکە، بەڵام خۆی بار نییە، هەروەها دەکرێ وەک واتایەکی گشتی – هەمەکی دابنرێ! ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ، ڕۆڵی بیر لەو بە پەتیکردنەدا چییە و چۆنە؟ ئایا دەکرێ ئەو بوونە ببرێتەوە سەر هزر (بیر)؟ ئەو پرسیارە تا ڕادەیەک کاڵ دەبێتەوە، چونکە بیریش لە خۆیدا جۆرێکە لە بوون و ناکرێ (بوون)ی لێ زەوت بکرێت. خۆ ئەگەر بوونی هزر لەگەڵ بووندا بەراورد بکرێ و بەرانبەر بەیەکتری دابنرێن، ئەوە کێشەی پێوەندی نێوانیان سەر ئاو دەکەوێ، بەڵام ئەم کێشەیە دەچێتە ناو تیۆری زانینەوە.

– بەپێی بۆچوونی ڕێبازی فەلسەفەی پۆزیتیڤیزم و فەلسەفەی شیکاری ئینگلیز، بوونی بابەتێک بەناوی ئەنتۆلۆجی (تیۆری گشتی بوون) بابەتێکی کێشە ئامێزە، چونکە باسی بوونی ڕاستەقینە ناکات، بەڵکوو قسە لە وشە و چەمکی بوون دەکات! هیچ دەربارەی شمەکی ڕاستەقینە و بوونەوەر ناکات، بۆ نموونە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەگوترێ.

سوکرات مرۆڤە، دەستەواژەیەکە پشتڕاست دەکرێتەوە، چونکە واتا و دەلالەتی هەیە و قسە لە ڕاستیی لە ئارادا بوون دەکات! بەڵام ئەگەر بگوترێ گەوهەرە و لە بنەوبار پێکهاتووە، ئەمە هیچ شتێک دەربارەی ڕاستی لە هەڵکەوتی لە ئارادا بوودا ناڵێ: (بوخینسکی: ١٩٩٦، ل١٠٣).

٨- ئایا دەکرێ بە شێوەیەکی ژیریی و لۆجیکیانە قسە لە بوون و بوونەوەر بکرێ، پێوەندی ئەم دووانە بەنابوون و هیچەوە چییە و چۆنە؟ ئەگەر دەگوترێ بوونەوەر بوونی هەیە و بوونەوەرە، ئایا ئەم دەستەواژەیە شتێکی گوتووە واتا و دەلالەتی هەبێ؟ پتر لەوەی چەند وشەیەکی دووبارە کردووەتەوە

و هیچ جۆرە پێناسە و تاووتووکردنی تێدا بەدی ناکرێ؟ یان کاتێک مرۆڤ بە زمانی ژیانی ئاسایی ڕۆژانە دەڵێ: هیچ شتێک نییە! ئایا ئەمە لە ناکردنی دەستەواژەکە بەولاوە هیچ شتێکی گوتووە و بڕیارێکی ژیرەکی داوە؟

- کێشەیەک کە یەکلایی ناکرێتەوە، لە لاهووت و فەلسەفەی ئایین و فەلسەفەی سەردەمدا (سارتر، هایدیگەر) وروژێنراوە، چەمکی هیچ (بەرانبەر بە وشەی عەرەبی عەدەم و نیشت/ی ئەڵمانی) بووە. لە تەوراتی جوولەکەدا (تایەفەی مووسا) دا هاتووە (سفری یەکەم - پەیدا بوون) کە ڕەبی مووسا لە هیچەوە هەموو شتێکی داهێناوە، ئایا ئەم هیچە ئاماژەیە بەچی؟ ناکرێ ئەم هیچە ناکردنی بوون بێ! کەواتە چۆن لە هیچەوە شت دادەهێنرێ؟ وشەکە خۆی چاوگە و گەردان ناکرێ! ڕابەرانی زانستی کەلام (موعتەزیلە) بۆچوونێکی تایبەتییان لەو بارەیەوە هەبووە، بۆ کاڵکردنەوەی کێشەکە و وشەکەیان گەردان کردووە، هیچ کراوە بە (بە هیچ بوون)، (مەعدوم)، ئەمەش دەکرێ لە خۆیدا شت بێ. ئەگەر وابێ، ئیتر دەبێ ئەمە کەرەستە و بابەتی بیر (هزر) بێت، کەوابوو ئەم بەهیچ بوونە، جۆرێکە لە جۆرەکانی بوون.

- ئایا دەکرێ لەو بۆچوونەی موعتەزیلەوە، بەتایبەتی (ابی الحسین الخیاط) کە کتێبی (الانتصار والرد علی ابن الراوندي الملحد، القاهرة - ١٩٨٨م)ی داناوە و بەهۆیەوە ناوبانگی دەکردووە. (ئەو نووسەرە لەو بەرهەمەیدا گوایە هەوڵی داوە بۆچوونەکانی ئیبن ڕاوەندی پووچەڵ بکاتەوە، ئیتر دێڕ دوای دێڕ قسەکانی ئەو هزرمەندە - بێ باوەڕە - شی دەکاتەوە. ئەو کارە ڕۆڵێکی لەباری گێڕاوە بەوەی بیروبۆچوونەکانی ئیبن ڕاوەندی تۆمار کردووە و لە فەوتان ڕزگاری کردوون.

قسە لە سێ جۆر بوون دەکرێ:

**یەک:** بوونی ڕاستەقینە.

**دوو:** بوونی شیاوەکیی.

**سێ:** بوونی (هیچ بوون - مەعدووم).

یەکەمیان بەپێی بۆچوونی هزرمەندانی فەلسەفەی ڕیالیستی جێگەی گومان نییە و هیچ ئەگەرێک هەڵناگرێ، بەڵام دووەم و سێیەم تەنیا لە هزر و بیری مرۆڤدا هەن. ئەم قسەیە هیچ لەو کێشەیە کەم ناکاتەوە، چونکە پاساودانە، نەک یەکلایی کردنەوە. بابەتی (هیچ) ڕەگوڕیشەیەکی باوەڕ (عەقیدەی) هەیە کە پەیوەستە بە زڕە کێشەی کۆنی و نوێی گەردوون (دنیا) و لە چییەوە پەیدا بووە؟

- هیچ گومان لە دانایی زانایانی زانستی کەلامی ئیسلامی ناکرێ، بەڵام ئەو داناییەی خۆیان کە هەوڵیان داوە وەڵامی کێشە و پرسیارەکان بدەنەوە: کۆن و نوێی جیهان، بوون و نابوون و بوونەوەر، شت و هیچ و بەهیچ بوون. بەهیچ جۆرێک سنووری تیۆری و هزر و چوارچێوەی زمانی قسە پێ کردنیان نەبەزاندووە. داناییەکەیان - ئەگەر قسەکەی لایبنیتس - لێرەدا سوودی لێ وەربگرم، دەڵێم ئەو نەخشەیەی ڕەنگیان ڕشتووە، ئەو چارەسەرەی لە زماندا داویانەتە دەست، ئەو جیهاندیدەی نەخشاندوویانە وەک (تەونی جاڵجاڵۆکەیە)، جوانترین و ڕێکوپێکترین توانایی ئەندازەییان تێدا بەکارهێناوە، بەڵام چ سوودێک لەو (تەونە!) وەردەگیرێ!

ئەو کێشانە هەندێکیان ڕەهەندێکی لاهووتی و ئەوانی تر ڕەهەند و سروشتی زمانەوانییان هەیە و لە یاریکردن بە وشەکانی زمان و بێ ئاگایی لە بنەما بنەڕەتییەکانی لۆجیکی زمان

بـەو لاوە هیچـی دی بەرجەسـتە ناکـەن. دەبـێ ساغکردنەوە پێناسـەکردنی (بـوون و بوونـەوەر و نابـوون و هیچ و بەهیچ بـوون) چ گوڵێـک بخاتـە سـەر خەرمانـی کولتـوور و زمـان و شارسـتانی مـرۆڤ؟ ئایـا ئـەو بابەتانـە و ورووژانـدن و وەڵامدانەوەیـان، ئـەو کێشـانەی بـوون کـە مرۆڤـی دامـاوی ئـەو سـەردەمە گیـرۆدەی دەسـتیان بووبـێ؟ یـان تەنیـا هـەر لـە مێشـکی زانایانـی کـەلام و لاهووتییەکانـدا پەنگیـان خواردبێتـەوە، ئەوانیـش لـە چـاو خەڵکـی سـادە بەپەنجـەی دەسـت ژمێـردراون!

دەکـرێ لێـرەدا دوو شـتی لەیەکتـری جیـاواز بەبیـردا بێـن:

یـەک: ئـەو هەڵسـەنگاندنە دوورە لـە ڕێبـازی مێژوویی، چونکـە هەلومەرجـی ژیـان و کولتـووری ئـەو سـەردەمە نـە لەبەرچـاو دەگـرێ و نـە بەهەنـدی دادەنـێ؟ ئەوجـا کارەکتـەر و هـۆکاری بزووتنـەوەی پرۆسـەی مێـژوو لەبیـر دەکات!

دوو: ئەمەیـان خاڵـی یەکـەم کاڵ دەکاتـەوە! ڕاسـتە ئـەو بابەتانـەی کـە کەرەسـتەی توێژینـەوەی زانسـتی کـەلام بـوون و دواتـر بـە فەلسـەفە و فەیلەسـووفانی موسـڵمان سـپێردراون، بێجگـە لـە گەرموگوڕیـی و کاراییـان، تـۆوی سـیس بـوون و کاڵبوونـەوە و چۆڵکردنـی گۆڕەپانـی چالاکییـان هـەر لـە سـەرەتاوە تێدا بـووە و لەگـەڵ خۆیـان هەڵیـان گرتـووە، ئیتـر ئەمـە بووەتـە مایـەی ئـەوەی کـە فەلسـەفەی فەیلەسـووفە موسـڵمانەکان دووچـاری نسـکۆ و پاشەکشـێ ببـێ و کەوتنێـک کەوتـووە تـا ئـەم سـەردەمە جێگـەی خـۆی نەگرتووەتـەوە، ناکـرێ دەربـارەی ئـەو فەلسـەفەیە بگوتـرێ: ئاشـی خوایـە و نـەزان گێڕاویەتـی، بەڵکـوو دەگوتـرێ ئـەو هزرمەندانـە خاصـەی نامۆیـی سـەردەمی خۆیـان بـوون!

ئـەو شـتانەی ئـەوان بیریـان لـێ کردووەتـەوە و ژێـر و بیـری خۆیانیـان بـۆ خسـتووەتەکار، لـە زرە کێشـە و زرەبابـەت بـەولاوە زێتـر نەبـوون، چونکـە لـە مێشـکی ئەوانـدا نەبووبـێ، لـە هیـچ کونوکەلەبـەر و گۆشـەیەکی ژیـان و کۆمەڵگـەدا بـوون و ڕەنـگ و سـەنگیان نەبـووە! خـۆ ئەگـەر هاتبایـە- ئەمـەش گریمانەیەکـی تیۆرییـە- بابـەت و کێشـەی ژیانـی ئـەو سـەردەمیان کردبایـە بـە کەرەسـتەی توێژینـەوە و لـە کێشـە و بـەرەی مرۆڤـی ئاسـایی سـەردەم دوور نەکەوتبانایـەوە، فەلسـەفەکەیان نـەک بـەو مەرەیـە نەدەچـوو، بگـرە بەردەوامـی دەبـوو، گەشـەی دەکـرد و دەهاتەبـەر!

- گومـان لـەوەدا نییـە ئەگـەر لـە ڕوانگـەی لۆجیکـی مۆدێرنـەوە تەماشـای ئـەو کێشـانەی ئـەو سـەردەمە بکرێـن کـە بـە دەسـتەواژە دەربـڕاون و تۆمـار کـراون، واتـا و دەلالەتـی تایبەتییـان هەیـە، بـەڵام بـە هیـچ جۆرێـک لەگـەڵ بنەماکانـی لۆجیـک (سێنتاکسـی زمانـدا) نایەنـەوە و ڕاستیودروسـتیان بەهیـچ پێوەرێـک سـاغ و پشتڕاسـت ناکرێتـەوە! بـۆ نموونـە لـە بەکارهێنانـی چەمکـە وشـەی (هیـچ و بەهیـچ بـوون و بـە هیچ کردن) بـە تەواوەتـی ئـەو لایەنـە ڕوون و ئاشـکرا و بەرجەسـتە دەبـێ. ئـەو زرە چەمکانـە پتـر لـە پێویسـت هەڵسـەنگێنراون و بـە پێچەوانـەی لۆجیکـەوە کـراون بـە (بنـە) و بەتۆبـزی (باریـان) بەسـەردا سـەپێنراوە. (هیـچ)، نەنابوونـە و نـە شـتە! چەمکێکـە لـە زمانـدا بەکاردێـت و وێنەکـی لـە مێشـکدا هەیـە. لەبەرانبەریـدا شـتێک بـەدی ناکـرێ و ئامـاژەش بـە شـتێکی دیاریکراوی هەسـت پـێ کـراو نـادات! سـەیرەکە ئەوەیـە جارێـک وەک چـاوگ و جارێـک وەک بـەرکار بەکارهاتـوون.

- دوور نییـە لێـرەدا بگوتـرێ، ئـەو چەمکانـەی خراونەتـە سـەر خوانـی تاووتووکـردن لـە خانـەی بـوون دەچنـە دەرەوە و دەبن بە پاوانی پرۆسـەی

زانیـن، بڵاوبوونــەوەی ئایینێـک کـە خەسـڵەتی ترانسـندێنتی پـێ بەخشـراوە و خەڵـک بەخۆشـی و ناخۆشـی، بـە هانـدان و (تەشـویق) و تۆقانـدن، ناچارکـراون بـاوەڕی پـێ بهێنـن (هــەردوو ئایینـی ئیبراهیمـی، مەسـیحی و ئیسـلام و پێشـتر مووسـایی)، لـە ئـەو ڕەوشـە نوێیـەدا، لـە ئەورووپـا ئایینەکـە (مەسیحی) خـۆی گۆڕیوە، لە ڕۆژهەڵاتدا ئایینەکـە کۆمەڵگـە و جـۆری ژیـان و گوزەرانـی مـرۆڤ و کۆمەڵگـەی سـەرتاپاگیر گۆڕیـوە بـۆ ئـەوەی پەسـەندی بکـەن و لەگەڵیـدا بگونجێـن و بێنـەوە، جـۆرە کولتوورێکـی داهێنـاوە نامۆبـووە بـە ژیانـی سـەر زەوی و پێـی لەسـەر ژیانـی دوای مـردن داگرتـووە و خـۆی داوەتـە پـاڵ ئاسـمان و جیهانێکـی دیکـە کـە نەهاتـووە و هاتنەکەشـی جێگـەی ئەگـەرە.

بـۆ ئـەو مەبەسـتە چینێکـی خوێندەواری گۆشـکراو بـە بنەماکانـی ئاییـن و لاهـووت داهێنـاوە، هـەر لـە (کەشـیش و ئەبوونـا و مـەلا و زانایانـی شـەرع) بـۆ ئـەوەی پاسـاوی ئـەو ڕەوشـە نوێیـە بدەنـەوە کـە بـە هـۆی ئایینەکـەوە جێگیـر کـراوە، ئەوجـا داکۆکـی لـەو بنەمایانـە بکـەن کـە بنجوبنـاوان و بنەڕەتەکانـی بـاوەڕ و بـڕوا (عەقیدە)یـان لـێ پێکهاتـووە: بوونـی ڕەبـی مووسـا و عیسـا و خـوای موسـڵمانان، خەسـڵەتەکانی، داهێنانـی جیهـان لـە هیچـەوە (عــەدەم)، بـە هەشـت و دۆزەخ، مـردن و ژیانـەوە، چارەنـووس و خواسـتی ئـازاد، ئـەو کێشـانە بـوون کـە چەمکـی بـوون و نابـوون و هیـچ و لێپێچینەوەیـان لـێ کەوتووەتـەوە و بـوون بـە کەرەسـتەی تاووتووکردن و مێشـک و خامەی حاخام و کەشـیش و زانـا ئایینییـە دامـاوەکان دووچـاری سـەرگەردانی کـردووە، خـۆ ئەگـەر زۆربـەی هــەرە زۆریـان لەنـاو نەبـراون، لەسـەپانی پـووش بـەولاوە هیچـی تریـان پـێ نەبـڕاوە، موعتەزیلـە، شـیعە، خەواریجـەکان، بوعەلـی سـینا، فارابـی و ئیبـن ڕوشـد و چەندانـی دیکـە نموونـەن، ڕاسـتی ئـەو بـۆ چوونـە پشتڕاسـت دەکەنـەوە، خـۆ لـە ئەورووپـای مەسـیحیدا بەشـێوەی دڕندانـە لەسـەر دنیـا زەوی بەئاگـر سـووتێنراون! پەندەکـەی دەشـتی هەولێـر بەسـەر ئـەو هزرمەندانـەدا (بـە جـوو و مەسـیحی و موسـڵمانانەوە) دەگونجـێ: (کـردەی پەشـیمان لـە نەکـردەی پەشـیمان چاکتـرە!) بـەڵام ناکـرێ بگوتـرێ (شـەڕ بـووەو یەخـەی گرتـوون، ئەگـەر نەیانکردبایـە خـوا دەیگرتـن!)، هەروەهـا ناگونجـێ بگوتـرێ ئاسـنی سـاردیان کوتاوەتـەوە و بـێ ئومێـد و بێهـوودە هـەر بـە تەمـای ئاییندەیەکـی بـێ بنەمابـوون و شـتێکی ئەوتۆیـان تەمەننـا کـردووە کە لـە مێشـکی خۆیـان و ناخـی دەروونیـان بـەدەر و بـەولاوە لـە هیـچ کونوکەلەبەرێـک بوونـی بـەدی نەکـراوە! ئەگـەر ڕەوشـی ئـەو سـەردەمە لەبەرچـاو بگیـرێ.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1- I. Kant: Kritik der reinen Vernunft. Meiner, Hamburg 1976.

2-Gottlob Frege: Funktion, Begriff, Bedeutung. VR – Reihe. Goettingen 1986.

3- Moritz Schlick: Die Probleme der Philosophie in ihrem Zusammenhang. Stw 580. Frankfurt am Main 1986.

4-Ludwig Wittgenstein: Tractatus Logico Philosophicus. Frankfurt am Main 1960.

5-Bernhard H. F. Taureck: Die Sophisten. Hamburg 1995.

٦- د. جمال محمد احمد سليمان: أنطولوجيا الوجود، التنوير، ٢٠٠٩.

٧- چوزيف بوخينسكي: مدخل إلى الفكر الفلسفي، ت: د. محمود حمدي زقزوق، القاهرة، مصر، ١٩٩٦.